پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شماره ۱، پیاپی ۱۷

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2024
Vol. X, No. 1, Series 17

# ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی شیعری نالی لە ئاستی زمانیدا

جەعفەر قارەمانی[1]

## (وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ٢٦ی بەفرانباری ١٤٠١، کاتی پەژیران: ٢٣ی بەفرانباری ١٤٠٢، لل. ١٥٩ – ١٨١
DOI: 10.22034/JOKL.2024.138052.1245

## کورتە

ساخکردنەوەی ڕەخنەیی دیوانی شاعیرانی کلاسیک، بەتایبەت شاعیرانی خاوەن شێواز، یەکەمین هەنگاو بۆ بووژاندنەوەی ئەو بەرهەمانەیە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نالی لە پێشەنگەکانی شێوازی کوردیی ناوەندییە کە کارتێکەریی لە سەر بەشێکی بەربلاو لە شاعیرانی دوای خۆی بووە. دیوانی نالی یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکانی کوردییە کە تا ئێستا ساخکەرەوان چەندین جار لە چاپیان کردووە؛ بەڵام سەرەڕای هەوڵی ئەوان، هێشتا هەڵەی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی شیعری نالی لە ئاستی زمانیدا و لێکدانەوە و دەرخستنی دوو چوارینە لە بەشی فارسی دیوانەکەدا کە بە هەڵە بە ناوی نالی تۆمار کراوە. بەشێک لەم هەڵانە بەهۆی خراپ خوێندنەوەی نوسخەکان لە لایەن بنووسان و دەستتێوەردانی ساخکەرەوان لە شیعری نالیدا سەری هەڵداوە کە لە زۆر دێڕدا هۆی لێکدانەوەی ناتەواو بووە. لەم توێژینەوەدا کە بە شێوازیی شیکارانە–وەسفی ئەنجام دەدرێت، بە پێی پێوەری ڕەوانبێژی و زمانی لە دێڕە دەستنیشان کراوەکاندا، هۆی دروستی وشە ڕاستکراوەکان دەربڕاوە. دەرخستنی هۆکارەکانی دروستی وشە و واتای دێڕە ڕاستکراوەکان لە لایەک سەلمێنەری مەودای زۆر لە نێوان وتەی شاعیر و بۆچوونی ساخکەرەوەیە و لە لایەکی ترەوە، دەرخەری هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی شیعری نالی بووە. ئەنجامی توێژینەوە ڕوونی دەکاتەوە شیعری نالی چ لە باری لێکدانەوەیی و چ لە باری ساخکردنەوەیی پێویستی بە پێداچوونەوە و ساخکردنەوەی دووبارە بەپێی دەستنووسەکان هەیە.

***وشەگەلی سەرەکی:*** دیوانی نالی، ساخکردنەوەی ڕەخنەیی، شیعری کلاسیک، ئەدەبی کوردی

## چکیده

تصحیح انتقادی دیوان شاعران کلاسیک، بەویژه دیوان شاعران صاحب سبک، اولین مرحله در احیای این آثار به شمار می‌رود. در تاریخ ادبیات کردی، نالی از پیشاهنگان شعری کردی میانه شناخته شده که تأثیرگذار بر بخشی وسیع از شاعران بعد از خود است. دیوانی نالی یکی از آثار فاخر ادبیات کردی است که مصحّحان تاکنون بارها آن را به چاپ رسانده‌اند؛ اما جدای از تلاش آنها هنوز اشتباهات بسیاری در آن مشهود است. این پژوهش تلاشی برای تصحیح برخی از اشتباهات شعر نالی در سطح زبانی، شرح مجدد برخی ابیات و مشخص کردن دو رباعی در بخش فارسی دیوان است که به اشتباه با نام نالی ثبت شده است. بخشی از این اشتباهات بیشتر ناشی از خوانش اشتباه از سوی کاتبان و تصرّفات نادرست در نسخه‌های خطی است که در بیشتر موارد سبب شرح نادرست ابیات نیز شده است. در این پژوهش که بـه روش تحلیلی- توصیفی صورت می‌گیرد، بر اساس معیارهای بلاغی و زبانی، دلیل درستی کلمات و ابیات تصحیح شده، بیان شده است. نتایج این مطالعه از یک سو گویای فاصلهٔ زیاد کلام شاعر با نظر مصحح و از سوی دیگر بیانگر دلایل ظهور برخی از اشتباهات و کاستی‌ها در شعر نالی است. نتایج این پژوهش حاکی از آن است که شعر نالی هم از نظر شرح و هم از نظر تصحیح، نیاز به بررسی و تصحیح مجدد براساس نسخه‌های خطی دارد.

***واژگان کلیدی:*** دیوان نالی، تصحیح انتقادی، شعر کلاسیک، ادبیات کردی

١. ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی، مامۆستای دایرەی پەروەردە، بۆکان، ئێران
ghahjefer@gmail.com

## ۱- پێشەکی

بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمە جیاوازەکان و کێشەوبەرەی زەمان، زۆرجار نوسخەی سەرەکیی نووسراوەی پێشینیان بزربوون یان لەناوچوون و زیاتر ئەوەی لە بەرهەمێک بەدەست ئێمە گەیشتووە یەک یان چەند نوسخە لەم دەستنووسانە بووە کە بنووسان لە سەردەمە جیاوازەکاندا نووسیویاننەتەوە؛ بەڵام ئەو نوسخانە بەتەواوی وەک یەک نین و لە زۆر بابەتدا لەگەڵ نوسخەی سەرەکی جیاوازیان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە و بوونی هەڵە، بەتایبەت لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بەگشتی بۆ چ بابەتگەلێک دەگەڕێتەوە؟

بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی پیشەی چاپ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و پاشان لە ناوچە کوردنشینەکاندا، تا دووسەد ساڵ لەمەوبەر زۆربەی پەڕتووکەکان بە شێوەی دەستنووس بوون. تەنانەت هەن نوسخەگەلێکی خەتتی هێشتا چاپ نەکراون و لە سووچی پەڕتووکخانەکاندا ترسی لەناوچوونیان هەیە. لە پڕۆسەی نووسینەوەی نوسخە کۆنەکاندا بنووسان زۆرجار لە یەک پلەی زانستیدا نەبوون؛ یان ئاستی زانستی و وردبینیان نزم بووە. جاری وایە تووشی هەڵەی خوێندنەوەیی یان تووشی دەستێوەردان لە دەقدا بوون. هەروەها خاوەننوسخەکانیش بەپێی زانست و ئاستی خوێندەواریان گۆڕانکاریان لە دەقدا پێکهێناوە کە زۆرجار ئەو گۆڕانکاریانە بە تەواوی هەڵە بوون. لە لایەکی تر، بارودۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و جیاوازیی زەوق و سرشت و هتد، لەم بابەتانەن کە هۆی گۆڕانکاری لە نوسخە و دەقە کۆنەکاندا لە کاتی نووسین یان لە سەردەمەکانی دواتردا بوون. زۆرکات دەسەڵاتداران و بنووسانی پەیوەندیداریش ویستوویانە ئەو گۆڕانکاریانە ڕاست بنوێنن و لایەنی ئەرێنیان بسەلمێنن.

ساخکردنەوەی دەق یەکێک لە پیشە کۆنەکانی ئەدەبییە و وەک یەکەمین هەنگاو بۆ ئەنجامی توێژینەوەی مێژوویی و ئەدەبی ناسراوە. لە پڕۆسەی ساخکردنەوەدا، ساخکەرەوە، دەقە کۆنەکان لە سەر بنەمای نوسخە خەتتییەکان بۆ چاپ ساز و پەرداخ دەکات. زانستی ساخکردنەوە، زانستێکە بۆ دیتنەوەی دەقێکی نزیک بە دەقی سەرەکی کە لەگەڵ نووسراوەی نووسەر بە تەواوی یەک بێت، کەوایە بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران، ساخکەرەوە، هەڵەگری زانستی دەق نییە؛ واتە ئەگەر لە دەقێکی کۆندا هەڵە و ناڕاستیش هەبێت، هەرچەند لە لایەن خودی نووسەریشەوە بێت، ساخکەرەوە ئیزنی نییە هەڵەکان ڕاستکاتەوە. هەروەها ساخکەرەوە ناتوانێت خۆی لەگەڵ نووسەری سەرەکی بە هاوبەش بزانێت و بەشێک لە بێژەی وشە و دەستەوشەکان بگۆڕێت. لە زانستی ساخکردنەوەدا بە شێوەیەکی تۆکمە و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن

و بەراوردکردنی دەق لەگەڵ نوسخەی جێباوەڕ، ساخکردنەوە ئەنجام دەدرێت. بەگشتی سێ شێواز بۆ ساخکردنەوەی نوسخە کۆنەکان بە فەرمی ناسراوە:

ئەلف. ساخکردنەوەی نوسخەی بنەما

ب. ساخکردنەوەی هەڵبژاردن

ج. ساخکردنەوەی بەراوردی (قیاسی)(جهانبخش، ١٣٨١: ١١٨).

لە شێوازی ساخکردنەوەی نوسخەی بنەمادا، نوسخەیەک کە بەپێی کۆنی و دروستی ڕەچاو نوسخەکانی تر لە سەرترە و بە ڕێکەوتی کۆچی دوایی نووسەری دەق نزیکترە، بە نوسخەی بنەما دەناسرێت و وەک بناخەی ساخکردنەوەی دەق دیاری دەکرێت. لە شێوازی ساخکردنەوەی نوسخەی بنەمادا، ساخکەرەوە لە نووسینەوەی دەقدا ئیزنی هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی نییە و دەق بەو جۆرەی بوونی هەیە، دەنووسێتەوە. جێی ئاماژەیە جگە لە «نوسخەی بنەما» -کە لە ڕوانگەی ساخکەرەوەدا لە نێوان نوسخەکانی جێباوەڕی بەرهەمێک وەک باوەڕپێکراوترین نوسخە دەناسرێت- ڕەنگە نوسخەگەلێکی تریش هەبن، بایەخی زانستیان ڕەچاو نوسخەی بنەما لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بێت، ئەو نوسخانە بە نوسخەی جێگر یان «بەدەڵ» ناسراون. ساخکەرەوە دەقی «نوسخەی بنەما» لەگەڵ نوسخەی «بەدەڵ» بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات. هێرەوی لە سەر شێوازی ساخکردنەوەی هەڵبژاردندا دەڵێت: «لە شێوازی ساخکردنەوەی هەڵبژاردندا بەو پێیەی هیچ نوسخەیەک بە تەواوی بەسەر نوسخەکانی دیکە لە سەرتر نییە، لە نێوان نووسخە جۆراوجۆرەکاندا هەرکام دروستتر و دەستلێنەدراوتر بێت، وەک بناخەی نووسینەوەی دەق هەڵدەبژێردرێت» (هروی،١٣٨٠: ٤٣٧-٤٣٨). شێوازی ساخکردنەوەی بەراوردی کاتێک وەک شێوازێک بۆ ساخکردنەوە دیاری دەکرێت کە تەنیا نوسخەیەک لە بەرهەمێک هەبێت و دروستی و دەستلێنەدراویی ئەو نوسخەیەش تا ڕادەیەک جێیمتمانە نەبێت. لەم شێوازەدا ساخکەرەوە لە شێوازی بەراوردی بۆ هەڵبژاردن و دیتنەوەی وشە، دەستەوشە و نووسراوە دروستەکان کەڵک وەردەگرێت. بەراوردکردن لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و پێکگرتنی دەقەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ دەقی سەرەکیی تایبەت ئەنجام دەدرێت. لە زۆر ساخکردنەوەدا کە تۆماری هیچکام لە نوسخەکان ڕاست نانوێنن و جێیمتمانە نین، دیسان دەبێت بۆ ساخکردنەوە لە شێوازی قیاسی بەهرە وەربگرترێت (جهانبخش، ١٣٧٨: ٣٥-٣٧؛ عمادی حائری، ١٣٨٧: ٥-٦).

**١-١- بەپێی سێ پێوەر «هەڵبژاردن» لە پرۆسەی ساخکردنەوەدا دەبێ ئەنجام بدرێت:**

١-١-١- **پێوەری زمانی:** بەپێی ئەو پێوەرە، ساخکەرەوە دەبێ زانیاریی لە سەر بابەتەکانی زمانناسی، شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی چاخ یان سەردەمێکی دیاردا هەبێت؛ بۆنموونە،

له قوتابخانەی کوردیی ناوەندیدا سوودوەرگرتن له وشه بیانییەکان وەک تایبەتمەندییەکی زمانی شیعری ئەو قوتابخانەیه ناسراوه، بۆیه بەپێی ئەو تایبەتمەندییه دەبێت حوکم له سەر وشه و دەستەوشەکانی بیانی و واتاکانیان بدرێت، کەوایه ساخکەرەوه دەبێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانی هەر چاخێک و شێوازێکی ئەدەبی، هەوڵی ساخکردنەوەی نوسخه کۆنەکان بدات.

۱-۱-۲- **پێوەری ڕەوانبێژی:** له شیعری کلاسیکدا گرینگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و له سەرتر بوونی وشه یان دەستەوشەیەک بەسەر وشه یان دەستەوشەیەکی تر، پێوەری ڕەوانبێژییه (جهانبخش، ۱۳۸۱: ۱۱۷). ساخکردنەوەی بەشێک له شیعری شاعیرانی کلاسیک بەپێی ئەو پێوەره شێوازێکی زانستی و پەسەند کراوه. ساخکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بێ‌کاریگەریی ئەو پێوەره نه شێوازێکی دروسته و نه ساخکردنەوەش، ساخکردنەوەیەکی زانستییه؛ بۆنموونه، لەم دێڕەی نالیدا به هەڵه وشەی «مول» به واتای شەراب به «مل» خوێندراوەتەوه که هیچ هاوڕێژەییەکی واتایی له نێوان وشه دیارەکانی ئەو دێڕه و وشەی «مل» نییه و واتای دێڕەکه بەو هەڵبژاردنه هەڵەیه ناڕێک بووه؛ بەڵام بەپێی پێوەری ڕەوانبێژی دەتوانین بڵێین ئەو وشەیه هەڵەیە:

فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی

ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقه بەخشا

(نالی، ۱۳۷۸: ۷۲)

له باڵی یەکەمدا وشەی «مل» هەڵەیه و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وشه سەرەکییەکانی دێڕەکه نییه. ئەو وشەیه «مول»ـه، نەک «مل». بەپێی پێوەری ڕەوانبێژی وشەکانی «گوڵ» و «مول» له نێوانیان هاوڕێژەیی هەیه؛ ئەو هاوڕێژەییه پێکهێنەری ڕازەی جوانکاریی «چاولەیەک»ـه و بەپێی ئەو ڕازەیه دەتوانین واتای دێڕەکه به دروستی شرۆڤه بکەین و دەریخەین ئەو وشەیه «مول» بووه، نەک «مل». له وشەدانی فارسیدا «مول» واتای شەرابی ترێی هەیه.

۱-۱-۳- **پێوەری هزری-فەلسەفی:** بەپێی ئەو پێوەره دەکرێت له دەقێکدا وشه یان دەستەوشەیەک سەرتر له وشەیەکی تر، له دێڕێکی شیعریدا بناسرێت که له واتادا دەربڕی بابەتێکی هزری- فەلسەفی دیار بووه، هەرچەند پێوەری هزری – فەلسەفی به ڕادەی پێوەری ڕەوانبێژی گرینگی له ساخکردنەوەی دەقدا نییه؛ بەڵام خوارتر له پێوەری ڕەوانبێژی بۆ خوێندنەوه و ساخکردنەوەی دەق، بەتایبەت شیعری کلاسیک که ڕەگ‌وڕیشاڵی بابەتی هزری-فەلسەفی تانوپۆی داپۆشیوه، دەتوانێت کارتێکەر و پاڵپشتی ساخکردنەوەی دەق یان شیعری شاعیران بێت (جهانبخش، ۱۳۸۱: ۱۱۸).

**٢- پێشینەی توێژینەوە**

لە سەر شیعری نالی تا ئێستا کۆمەڵێک توێژینەوە لە بوارەکانی کۆکردنەوە، ساخکردنەوە، لێکدانەوە، فەرهەنگی وشە، هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بە شێوەی کتێب و وتار تەقدیمی کتێبخانەی کوردی کراوە؛ بۆ زانیاری زیاتر لە سەر توێژینەوە و نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە شیعری نالی ئاماژە بە بەشێک لەم توێژینەوانە دەکەین: سەججادی (١٩٧٣) لە *دوو چامەکەی نالی و سالم*دا باسی دوو نامە دەکات کە لە نێوان نالی و سالمدا ئاڵوگۆڕ کراوە. هەر دوو قەسیدە لە باری ئەدەبییەوە گرینگ و بایەخدارن. محەممەد (١٩٧٦) لە چەپکێک *لە گوڵزاری نالی*دا بە کەڵکوەرگرتن لە زانستی کرۆنۆلۆژی دەیهەوێت ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی نالیدا ڕوویان داوە لە شیعرەکانیدا دیاری بکات و هێندێک هۆکار و تێبینی و پرسیار کە لە سەر ژیان، شوێنی ژیان و ئاوارەیی نالی بووە، دەربخات. محەممەد (١٩٧٧) لە *دەستەو دامانی نالی*دا هەوڵی داوە شەرحەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی خۆی لە سەر شیعر و وشەکانی شیعری نالی تاوتوێ بکات. خەزنەدار (١٩٧٧) لە *فەرهەنگی نالی*دا هەم بۆ شیعرەکانی نالی شەرح و لێکدانەوەی کردووە؛ هەم بۆ وشە و زاراوەکانی شیعری نالی فەرهەنگێکی تەرخان کراوە.

فەرەج (٢٠١٥) لە *مشتێک لە خەرمانی بیری نالی*دا توێژینەوە لە چەند لایەنی ژیان و شیعری نالی کردووە؛ وەک: کەسایەتی نالی، ڕۆشنبیری لای نالی، داهێنان لای نالی، زمان لای نالی و نالی لە ڕوانینێکی کۆمەڵناسییەوە. لە هەرکام لەو بەشانە، شیعرەکانی نالی کراوەتە بنەمایەک بۆ شرۆڤەی باسەکان. عومەر خۆشناو (٢٠١٧) کتێبی *نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا* نووسی. لەو ساڵانەی دواییدا بە شێوەی بەڵگەنامەیی لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و ڕۆژهەڵاتناسانی وەک خۆدزکۆ، لە ژیان و شوێنی ژیانی نالی کۆڵیوەتەوە. ئەو کتێبە زۆر زانیاریی دیکۆمێنتاریی کە بۆ ماوەی سەد ساڵ ئەو پرسیارەی لە سەر ژیانی نالی دروست کردبوو؛ وەڵام داوەتەوە. ئەو کتێبە لە هەشت بەش پێکهاتووە کە هەرکام لە بەشەکان وەڵامدانەوەی پرسگەلێکن کە توێژەر کەڵکیان لێوەردەگرێت و دواتر وەڵامیان دەداتەوە. ئەو پرسیارانە هەرکام بەشێکیان بۆ دانراوە؛ وەک: *کتێبی نادیاری نالی، نالی کەی کوردستانی جێهێشتووە؟* محەممەد مەلا کەریم (١٤٠٠) لە *نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە* هەوڵی داوە شیعری نالی وەک پێوانەیەک بۆ دەرخستنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لێکبداتەوە و بەشێک لە نهێنییەکانی ژیاننامەی نالی دەربخات. حەداد (٢٠٠٠) *نالی لە دەرەوەی کوردستاندا*.

بەشێک لە وتار و توێژینەوەی زانستگایی وەک بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا لە سەر دیوانی نالی بریتین لە: وتارەکانی: خدر مەولوود (۲۰۰۷) «نالی و سۆفیگەری و نالی و فەلسەفە»؛ شێخئەحمەدی (۱۳۸۹) «شاعر نامور کرد و زبان و ادب فارسی»؛ ڕەسوولنەژاد و هاوکاران (۱۳۶۳) «بررسی فخر ادبی در دیوان متنبی و نالی»؛ مظهری (۱۳۸۹) «صور خیال در دیوان نالی»؛ قارەمانی (۲۰۱۳) «ڕاستکردنەوەی بەشێک لە هەڵەکانی دیوانی نالی» و هتد. هەرکام لەم توێژینەوانە لە گۆشەنیگایەکەوە ڕووچوونیان بۆ دونیای شیعری نالی بووە؛ بەڵام شیعری نالی هەڵگری توێژینەوە و خوێندنەوەی زیاترە و تەنانەت پێویست بە کرانەوەی ناوەندێکی توێژینەوەیی و نالیناسییە.

### ۳- تەوەرەی سەرەکیی توێژینەوە

لەناو هەموو نەتەوەکاندا، ئەدەبی کلاسیک وەک بناخەیەکی بەهێز ناسراوە و دەکرێت زۆرێک لە بەسەرهات، ڕووداو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، فەرهەنگی، خەڵکناسی و تەنانەت بەشێک لە ڕاستییەکانی مێژوویی لە ناو ئەدەبی کلاسیک، بەتایبەت شیعری کلاسیکدا هەڵێنجین. لە ئەدەبی هاوچەرخدا لە ناوەندەکانی توێژینەوەیی هەوڵێکی شیاو بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو بەشە گرینگە لە ئارادا نەبووە و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەدەبی کلاسیکی کوردی و بەتایبەت شیعری کلاسیک ئەنجام نەدراوە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، نالی وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگرانی قوتابخانەی بابان ناسراوە و کارتێکەریی لە سەر بەشێکی بەربڵاو لە شاعیرانی دوای خۆی بووە. هەرچەند ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب وەک هەموو وڵاتانی تر لە کوردستان درەنگ دەست بەکاربوون؛ بەڵام سەرەڕای ئەو کێشەیەش لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن کۆمەڵێک توێژەر ئەرکی ساخکردنەوەی دیوانی شاعیران بەپێی نوسخە کۆنەکان ئەنجام درا.

دیوانی نالی پێش شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس چەند جارێک لە لایەن چەند لێکۆڵەری شیعری کوردی ساخکراوەتەوە. لە پێشەکی دیوانی نالی بڵاوکراوەی کوردستاندا فاتح مەلا کەریم نووسیویە: «پێشتر لەم چاپەی دیوانی ئێمە، دیوانی نالی لە ساڵی ۱۹۳۱ لە لایەن کوردی مەریوانییەوە و ساڵی ۱۳۲۷ لە لایەن *عەلی موقبیل*-ەوە لە سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ پاشان *گیو موکریانی* توێژەر و نووسەری ناسراو، دیوانی نالی کۆکردۆتەوە و چاپی کردووە»(نالی، ۱۳۷۸: ۸-۱۲). دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیوانانەی نالی، جارێکی تر لە لایەن *مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس* و *فاتح عەبدولکەریم*ەوە شیعری نالی بە پشتبەستن بە چەند نوسخە و دەستنووس ساخکراوەتەوە؛ بەڵام سەرەڕای هەوڵی شیاوی ئەو مامۆستایانە بۆ ساخکردنەوە و لێکدانەوەی دیوانی

نالی، هێشتا شیعری نالی ناتەواوی و هەڵە، جا چ هەڵەی لێکدانەوەیی بێت یان هەڵەی ڕێنووسی لە شیعرەکانیدا بابەتێکی دیارە. لە پێشەکیی دیوانی نالیدا فاتح عەبدولکەریم ئاماژەی کردووە بۆ ساخکردنەوەی ئەو دیوانە لە نوسخە دەستنووسەکانی *مەلا محەممەد چروستانی* و *مەلا عارف چنگنیانی* و سێ کەشکۆڵ کە لە لایەن *شێخ عەلی قەرەداغی* بە دەستی گەیشتبوو، کەڵکی وەرگرتووە؛ بەڵام وەک خۆی دەڵێت نوسخەکانی لەباری لێکدانەوە زۆر بە دڵ نەبووە (نالی، ١٣٧٨: ١١-١٢). لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو بابەتە بکرێت کە زانستی ساخکردنەوە جیاواز لە شەرح و لێکدانەوەیە و لە ساخکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک شێوازێکی زانستی و دروست نییە. ساخکەرەوە وەک کەسێکی ئەمەگناس ئیزنی گۆڕانکاریی لە نوسخەکاندا لە کاتی نووسینەوە و ساخکردنەوەدا نییە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا، بەکورتی هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبی لە شیعری شاعیرانی کوردیی ناوەندیدا تاوتوێ کراوە. لە دیوانی نالیدا بابەتێکی دیاری شیعری، بوونی هەڵەی لێکدانەوەیی ئەو وشە فارسیانەیە کە لە زۆر دێڕدا شەرحی هەڵەی لێ‌کەوتۆتەوە. لە بەشی دووهەمدا، بەشێک لەم دێڕانەی کە وشەکەیان بەجۆرێک هەڵەی ڕێنووسیان هەیە و لە دێڕەکاندا بە هەڵە جێ‌کەوتوون، ڕاستکراونەتەوە. پاشان لە بەشێکی دیکەدا ئەو دێڕانەی لێکدانەوەی هەڵەیان بۆکراوە، تاوتوێ کراون و هۆی هەڵەبوونیان دەرخراوە و لە ئەنجامدا ڕاستکراونەتەوە.

**٣-١- بەشی یکەم: هۆکاری سەرەکیی ڕەنگدانەوەی وشەی فارسی و عەرەبی لە شیعری شاعیرانی کوردیی ناوەندیدا:**

بابەتێکی دیار لە شیعری شاعیرانی باباندا، بەتایبەت شیعری نالی، بوونی وشەی فارسی و عەرەبییە کە لە زۆر دێڕدا بە هەڵە نووسراون و لێکدانەوەی هەڵەشیان بۆکراوە. ئەو ئاڵۆزییە تەنیا بە قەوارەی شیعری نالی نەبڕاوە؛ بەڵکوو لە بەشێک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک بابەتێکی دیارە. زمانی کوردی وەک زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا تووشی تێکەڵاوی لەگەڵ زمانەکانی دیکە بووە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە سەدەی سێزدەهەم شۆڕشێکی ئەدەبی نوێ لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هتد، لە بەستێنێکی تایبەت کە خاوەن شەقڵێکی دیار و جیاوازە، دێتە ڕسکان. ئەو شۆڕشە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی کلاسیکی شیعری بوو کە لە ئەمارەتی باباندا سەری هەڵدا. شیعری قوتابخانەی بابان بە هەوڵ و تێکۆشانی نالی لە ئەدەبی کوردیدا هاتە ڕسکان.

بەهۆی دەرکەوتنی دوو نیوچە دەسەڵاتی کوردی بابان و ئەردەڵان تا ڕادەیەک شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک گۆڕدرا و شـارەکان ئاوەدانتر بوونەوە. بێ‌گومان ئەم گۆڕانکاریانە لە سـەر دەقە ئەدەبییەکان شوێندانەر بوون. بابانەکان توانیان خوێندەوار و فەقێی حوجرەکان لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە و شارەکان ئاوەدانتر و گەورەتر بکەنەوە. زۆربەی شارەکانی کوردستان بە زاری سۆرانی دەئاخڤین و مەکۆی خانەقا و دێهات بۆ شـار و حوجرەی مزگەوت دگۆڕدرا. ئەو بارودۆخە نوێیە بەستێنێکی خوڵقاند کە زاری ئەدەبی لە گۆرانی، واتە هەورامییەوە وردەوردە بۆ سۆرانی و فۆڕمی شیعری لە جووتسەرواوە بۆ غەزەل و کێشی شیعری لە بڕگەییەوە بۆ عەرووزی بگۆڕدرێت و لە ئاکامدا شیعری کوردی تووشی گۆڕانێکی بنەمایی و دیار بێت (قارەمانی، ۱۳۹۸: ۲۴۰).

لە ئاسـتی زمانیدا دیاردەی زۆر سـەرنجڕاکێش لە شـیعری شـاعیرانی کوردیی ناوەندیدا، ڕەنگدانەوەی وشـە و زاراوەکانی فارسـی و عەرەبییە. گەرچی ڕێژە و ئاسـتی ئەو بەکارهێنانە تا ڕادەیەک جیاوازە، بەڵام کارتێکەریی زمانی عەرەبی و بەتایبەت زمانی فارسـی لە سـەر زمانی شـیعری ئەو بەرەیەی شـیعری کوردی، بابەتێکی حاشـاهەڵنەگرە. بوونی ئەو دیاردەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە شیعری شاعیرانی کوردیی ناوەندیدا بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی نە تەنیا خاڵێکی نەرێنی نەبووە؛ بەڵکوو بەجۆرێک نواندنی دەسەڵاتی شیعری شاعیر و تەنانەت شانازی کردنیش بووە (ناری، ۱۳۸۳: ۹)، نالی ڕاستەوخۆ لەم دێڕەدا، ئەو ئیدیعایە دەسەلمێنێت:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە

نـالی ئـەمڕۆ خـاوەنی سێ مـوڵکە، دیـوانی هەیە

(نالی، ۱۳۷۸: ۵۸۲)

هۆکارێکی دیکەی ڕەنگدانەوەی وشـەی فارسـی و عەرەبی لە زمانی شـیعری شـاعیرانی کوردیی ناوەندیدا ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی لە کاتی خوێندنی سەرەتاییدا زۆرینەی ئەو کتێبانەی وەک وانە لە لایەن مامۆسـتایانەوە دیاری دەکران، بە زمانی فارسـی و عەرەبی بوون، خوێندکاری کورد هەر لە یەکەم پلەی خوێنـدنـدا دەکەوتە بەر کـاریگەریی ئەو زمـانـانە. ئەو نەریتە وێڕای قازانجی فێربوونی زمانەکانی تر و کردنەوەی دەرگای زمان و وێژەی نەتەوەکانی دیکە بە ڕووی خوێندکاری کورد، کاریگەریان لە سـەر گۆڕینی بەرەبەرەی زمانی خوێندکاری کورد بووە و ئەو بابەتە لە دواتردا هۆی دوورکەوتنەوەی شـاعیرانی ئەو قوتابخانەیە لە زمانی ئاسـایی کۆمەڵگای کوردی بووە. لە لایەکی ترەوە، شـــاعیرانی قوتـابخـانەی کوردیی نـاوەنـدی بە مەبەســـتی تـاقی‌کردنەوەی خۆیـان لەم بوارەدا، هەوڵیـان داوە ئەزموونەکـانی ئەو وێژانە بۆ ئەدەبی کوردی بگوازنەوە، بەڵگەش بۆ سـەلماندنی ئەو ئیدیعایە دیوانی شـاعیرانی کلاسـیکی کوردییە کە

بەشـێک لە شـیعرەکانیان فارسـییە. بەهۆی فەرمی بوونی زمانی فارسـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا، ئاسـاییە لە وەها بارودۆخێکدا زمانی فارسـی کاریگەریی لە سـەر زمانی کوردی بێت. لە لایەکی ترەوە، زۆربەی شـاعیرانی ئەم قوتابخانەیە مامۆسـتای ئایینی بوون و خوێندنیان لە حوجرە دەست پێ کردووە؛ بۆیە زیاترین زانیاریان لە سەر شەرع و ئایینی ئیسلام هەبووە و سەرف و نەحوی عەرەبی و زانستی ڕەوانبێژی، چەمک و زاراوەکانی لۆژیک و سۆفیگەری و هتد، لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ هەر ئەو تایبەتمەندییە هۆی سەرهەڵدانی وشەی بیانی و درەنگ تێگەیشتن لە شیعری ئەو بەرەیە بۆ تامەزرۆیانی ئاسایی و تەنانەت توێژەرانی پسپۆڕیش بووبێت؛ (قارەمانی، ١٤٠٠: بیستودوو) نالی ڕاستەوخۆ لەو دێڕەدا ئەو بابەتەی درکاندووە و دەڵێت:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشـم

زۆرم وت و کەس تێی نەگەیـی، ئێسـتە خەمۆشـم

(هەمان: ٢٩٠)

زمانی عەرەبی و فارسـی لە ڕێگەی خوێندنی ئایینیەوە کاریگەریان لە سـەر زمان و ویژەی ئەو قۆناغەی شـیعری کوردی بووە. بەپێی خوێندنەوەی دیوانی شـاعیرانی ئەو قوتابخانەیە دەردەکەوێت لەو چاخەدا هۆنینەوەی شیعر بە زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی باو بووە و بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە بە کوردی شیعر نووسینیان بە لاوازای هەستی شاعیر و تەنانەت شوورەیی زانیوە؛ بۆیەش شاعیرێکی وەک نالی لە وەڵامیاندا دەڵێت:

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحـانی خـۆیە مـەقسوودی لـە عـەمدا وا دەکـا

(هەمان: ١٠٢)

ئەو چەند دێڕە سەلمێنەری شانازی کردنی نالی بە زمانی کوردییە و بەگشتی نووسین بە زمانی کوردی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی پێناسـە دەکات. بەلای ڕەخنەگرانەوە ڕەنگە دەبوو لەو سـەردەمەدا شـیعر تەنیا هەر بە زمانی عەرەبی یان فارسـی بنووسـرێت؛ نالیش لەم بیرۆکانە باش تێگەیشتووە و هەوڵی داوە زمانی کوردیش بێنێتە ڕیز و ئاستی زمانگەلی دیکەی دونیا و بیکات بە بەڵگەی مانەوە و دەوڵەمەندی زمانی کوردی (قارەمانی، ١٤٠٠: بیستوسێ).

### ۳-۲- ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی لێکدانەوەیی، وشەیی و ڕێنووسی شیعری نالی

نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: د، ذ ، ک،گ، و هتد، هاوشێوە بوونی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازیان تەنیا لە نوختەدایە، وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا، پاکبوونەوەی وشە و پیتەکان لە نوسخەکاندا و هتد، دەکرێت وەک هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی پێناسە بکرێت (قارەمانی، ئیسماعیلنەژاد، ۱۴۰۰: ۲۵۰).

لەنێو شاعیرانی قوتابخانەی کوردیی ناوەندیدا، زمانی شیعری نالی زێدەتر لە شاعیرانی دیکە تێکەڵ بە زمانی فارسی و عەرەبی بووە؛ دەکرێت ئەو تایبەتمەندییە وەک دیاردەیەکی شێوازناسیی شیعری نالی و بەگشتی ئەو قوتابخانەیە پێناسە بکرێت. لەم تەوەرەدا چەند هەڵەیەکی لێکدانەوەیی، وشەیی و ڕێنووسیی چەند دێڕێک لە دیوانی نالی (بڵاوکراوەی پەخشانگای کوردستان) تاوتوێ دەکەین:

شەبەهی **زۆڵفی شەبەهـ گۆنەیە**، ڕووگەردانی

به سەری ئەو، کە بە سەودا سەر و سامانم دا

(هەمان: ۸٦)

لە دیوانی نالیدا -بڵاوکراوەی پەخشانگای کوردستان- لە لێکدانەوەی ئەو دێڕەدا «شەبەهـ»ی یەکەم بە واتای «وەک» هاتووە کە خواستنی ئەو وشەیە بەو واتایە لەم باڵەدا هەڵەیە. بەو پێیەی وشەی «شەبەهـ» لەگەڵ وشەی «زوڵف» لێکدراوی وەسفییە، لەم دێڕەدا «شەبەهـ»ی یەکەم، واتای «ڕەشی» هەیە و خواستنی بەو واتایە تایبەتمەندییەکی زولف دەردەخات. «شەبەهـ»ی دووهەمیش واتای مووروی شەوەی[2] هەیە. دیسان وشەی «گۆنەیە» بە هەڵە نووسراوە و بەپێی شوبهاندنی زولف بە شەوە، دەبێت ئەم وشەیە «گوونەیی» بێت کە لەم باڵەدا ئامرازی شوبهاندنە. لە وشەی «زۆڵف»یشدا هەڵەی ڕێنووسی هەیە. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە لێکدرایەوە: زولفە ڕەشەکەی، دەڵێی مووروی شەوەی جوان و بەنرخە، کەوایە سوێند بە سەری ئەو، هەموو سامان و بوونم لە ڕێی خۆشەویستیدا داناوە. لە کۆتاییدا دێڕەکە بەو جۆرە نووسرایەوە:

شەبەهی زولفی شەبەهـ گوونەیی، ڕووگەردانی

بە سەری ئەو، کە بە سەودا سەر و سامانم دا

(هەمان: ۸٦)

---

۲. شەوە بەردێکی ڕەشی جوانی بەنرخە.

****

لـە چـاوانم هـەتا کـەی قەترەقەترە خوێن دەکەی ئەی

کوا ئـەم عـەهـد و پـەیمـان و وەفـا **کـابینتـە**، بـازآ!

(هەمان: ٩٣)

لە باڵی دووهەمی ئەم دێڕەدا، وشەی «کابین» بە بنج وشەیەکی فارسییە و واتای «مارەیی» هەیە، لەم دێڕەدا خواستنی بەو واتایە هیچ هاوڕێژەییەکی لەگەڵ وشە سەرەکییەکانی دێڕەکە نییە و واتای دێڕەکەش تێکدەدات. بە سوودوەرگرتن لە پێوەری ڕەوانبێژی، بەو ئەنجامە گەیشتین ئەو وشەیە دەبێت «کایینتە» بێت. بەپێی ڕێنووسی کۆن «کایینتە» کورتکراوی «کە ئایینتە» یە؛ «ئایین» لەگەڵ وشەکانی «عەهد، پەیمان و وەفا» لەباری واتاییەوە هاوڕێژەیی هەیە. ئەو هاوڕێژەییە پێکهێنەری ڕازەی جوانکاریی «چاولەیەک»ـە. بەپێی ئەو ڕازەیە دەتوانین واتای ئەو وشەیە و دێڕەکە بە دروستی تاوتوێ بکەین و دەریخەین ئەو وشەیە «کابین» نییە و «کایین»ـە؛ لە لایەکی ترەوە، وشەکانی «کابین و کایین» تەنیا لە پیتەکانی «ب و ی»ی ناوەڕاستدا جیاوازیان هەیە. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای ئەو وشەیە و دێڕەکە بەو جۆرە لێکدراوە: نالی لە بەرابەر بێبەزەیی دڵبەرەکەی دێتە قسە و دەڵێت: ئەو وەفا و عەهد و پەیمانەی کە ئایین و ڕێوڕەسمی تۆ و سەلمێنەری ئەمەگناسیت بوو، چیبەسەرهات و ئێستە کوانێ؟

****

**زابیتەی تەبعم** سـوارە ئیدیعای شـاهی هەیە

موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا

(هەمان: ٩٩)

لە سەرەتای باڵی یەکەمی ئەم دێڕەدا، لە دەستەوشەی «زابیتەی تەبعم»، «زابیتە» واتای تەبیعەتی بە زەوق و ڕێکوپێکی هەیە کە خواستنی بەو واتایە هەڵەیە و دروست ئەوەیە ئەو دەستەوشەیە بکرێتە: «زابیتی تەبعم» کە شوبهاندنێکی خەیاڵییە و تەبعی بە زابیت شوبهاندووە، هۆی بەهێزتر بوونی لایەنی جوانیناسی دێڕەکەشە. «زابیت» وشەیەکی عەرەبییە و واتای: ئەفسەر یان پۆلیس و ڕاوێژکاری هەیە و بەو واتایە زیاتر لەگەڵ وشە و واتای سەرەکیی دێڕەکە هاوڕێژەیی دەبێت؛ تا «زابیتە» بە واتای تەبیعەتی بە زەوق و ڕێکوپێک.

****

چاوی هەمڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن **مەدام**

یەک لە **نەشگوفتەی** بەنەفشە، یەک لە **نەیلۆفەڕ** دەکا

(هەمان: ١٠٦)

لەم دێڕەدا، وشەی «مەدام» بە هەڵە نووسراوە و هۆی تێکدانی باری واتایی دێڕەکەیە، ئەو وشەیە «مودام»ــــە کە وشەیەکی عەرەبییە و واتای «هەمیشە و شەراب»ی هەیە. بەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە دەردەکەوێت. هەر لەم دێڕەدا، «نەشگوفتە» واتای نەپشکووتووی هەیە و مەبەستی نالی «نەشکوفتە» بووە. لەم وشەیەدا ڕەنگە نزیکی شێوەی ڕێنووسی پیتەکانی «ک،گ» هۆی هەڵەی ڕێنووسی بووبێت. وشەی «نەیلۆفەڕ» بە بنج فارسییە و لە وشەدانی فارسیدا بە شێوەی«نیلووفەر» نووسراوە و بێژە دەکرێت. دوای ئەو ڕاستکردنەوانە دێڕەکە بەو جۆرە نووسرایەوە:

چاوی هەمڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن **مودام**

یەک لە **نەشکوفتەی** بەنەفشە، یەک لە **نەیلووفەر** دەکا

****

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەسگری و دەسکوژی

فەرقی **سەر، پەنجەی** بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا

(هەمان: ١٠٨)

لە باڵی دووهەمی دێڕەدا بە هەڵە دەستەوشەی«سەرپەنجە» لێک دابڕاوە و بە دانانی بۆر لە نێوان وشەی «سەر» و وشەی «پەنجە» مەودایان کەوتۆتێ و هۆی سەرهەڵدانی هەڵەی لێکدانەوەیی دێڕەکە بووە. وشەی لێکدراوی «سەرپەنجە» واتای «پەنجەی دەست؛ سەری قامک؛ نینۆک»ی هەیە و خواستنی بەو واتایە لایەنی جوانیناسی دێڕەکە دەردەخات. دوای ئەو راستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە: بۆ ئەوەی دەریخات کەسی زۆری بە دیل گرتووە و زۆر کەسیشی کوشتووە، سەرپەنجەی بە خوێنی سووری وەک خەنە ڕەنگ کردووە.

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەسگری و دەسکوژی

فەرقی **سەرپەنجەی** بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا

(هەمان: ١٠٨)

****

**سیداقی ڕوونما** و وەسڵی شاهید

لەگەڵ شایی‌کەران بێ‌دەنگ و داوا!

(هەمان: ١٢٠)

لە دیوانی نالیدا لە لێکدانەوەی ئەو دێڕە، وشەی «ڕوونما» بە واتای: ئەو ئاوێنەیەی لە کاتی گواستنەوەی بووک بە ڕوویەوە دەیگرن، هاتووە کە لێکدانەوە و خواستنی ئەو وشەیە بەو واتایە لەم دێڕەدا، هەڵەیە و واتای دێڕەکەش تێک دەدات. وشەی «ڕوونما» لە وشەدانی فارسیدا بە واتای زێڕەوشان کردنی بووک لە لایەن بابی زاوا یان زاوا، جا چ بە پارە بێت یان زێڕ لە کاتی تارا هەڵدانەوەدا هاتووە. هەر لەم باڵەدا لە نێوان دوو وشەی «سیداقی ڕوونما» واوی پەیوەندی بۆ ڕێکبوونی واتای دێڕەکە دەبێ بنووسرێت، بەو شێوەیە: «سیداقی و ڕوونما». ئەم وشانە لەم دێڕەدا واتای «مارەیی و زێڕەوشان»یان هەیە. لە باڵی دووهەمیشدا لە «شاییکەر» پیتی«ک» بەهۆی هاوشێوەبوونی لەگەڵ پیتی«گ» ڕەنگە ساخکەرەوە لە خوێندنەوەدا تووشی هەڵە بووبێت و پیتی «گ»ی بە «ک» خوێندبێتەوە، کەوایە دروستە ئەو وشەیە بکرێتە «شاییگران». دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە لێکدراوە: خۆشەویستەکەم! مارەیی و زێڕەوشان و شاباشی شایەت و چۆپیکێش و سەیرکەرمان بۆ چییە؟ ئەوە بێ‌هەرا و هوریا و شەر پێک گەیشتین.

****

**سەرگرانە**، قافڵەسالاری ڕێی چین و خەتا

چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دووتا

(هەمان: ١٢٦)

لە دیوانی نالیدا -بڵاوکراوەی پەخشانگای کوردستان- وشەی «سەرگران» بە واتای «خەریک» هاتووە کە خواستنی ئەو وشەیە بەو واتایە هەڵەیە. «سەرگران» لە وشەدانی فارسیدا بە واتای قەڵس، توووڕە، بەفیز و خۆبەزلزان هاتووە. «قافڵەسالاری ڕێی چین و خەتا»: جگە لە واتای «گەورەی کاروان»، درکەیە لە دڵبەری جوان و شۆخ و شەنگ. دەڵێن «چین» و «خەتا» شوێنی کۆبوونەوەی ئافرەتانی شۆخ و شەنگە. نالی لەم دێڕەدا، زولفە پەلکەکراوەکانی دڵبەر کە بەولاولای ڕوومەتیدا هاتوونەخوار، بە باری میشک و عەنبەری شوبهاندووە. واتای دێڕەکە دوای ڕاستکردنەوەی واتای وشەی «سەرگران» بەو جۆرە نووسرایەوە: خۆشەویستەکەم زولفەکانی ئەوەندە بۆنخۆشە دەڵێی میشک و عەنبەرە، بەڵام ئەوەندە توووڕەیە کە بەزەیی پێم دانایە.

****

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و **مل** هات

(هەمان: ١٤٠)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشەی «مل» بە هەڵە نووسراوە و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وشە سەرەکییەکانی دێڕەکە نییە. دوای تاوتوێی و پەیوەندی نێوان وشەکان و شیکردنەوەی وێنەی شیعری دێڕەکە، دەرکەوت ئەو وشەیە «مول»ـە. لە وشەدانی فارسیدا «مول» واتای «شەرابی ترێ»ی هەیە و لە شیعری فارسیدا پێکهێنەری زۆر وێنەی شیعرییە. لە نێوان وشەکانی «گوڵ و مول» ڕازەی چاولەیەک هەیە و ئەو ڕازەیە لایەنی جوانیناسی دێڕەکە و هەڵەبوونی وشەی «مل» دەردەخات. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە لێکدراوە: مردنی بابت هۆی بردنەسەرێی وەفا و بەڵێنەکانتە. ناخۆشی ژیانمان بەسەرچوو، ئیتر سەردەمی خۆشی و بەهاری بەختمانە. بەسەرچوونی وەرزی زستان و هاتنی بەهار کە مزگێنی خۆشییە، بە دەرکەوتنی گوڵ و شەراب ئەو خۆشییە خۆ دەنوێنێت.

****

گوڵشەن وەکوو بەزمێکە کە ئاحادی **هوزاری**

بۆ تاقەگوڵێکی گەییە روتبەیی میئات

(هەمان: ١٤٢)

لەم دێڕەدا، وشەی «هوزار» بە هەڵە نووسراوە. بەپێی واتای دێڕەکە و پەیوەندی ئەدەبی نێوان وشەکان، دەرکەوت ئەو وشەیە «هەزار»ـە کە بە بنج وشەیەکی فارسییە و لە وشەدانی فارسیدا واتای بولبولی هەیە. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە لێکدرایەوە: گوڵزار سەیرانگەیەکە بولبولەکانی بۆ وەدەست هێنانی گوڵی ڕوخساری تو ڕوو لە زیادبوونن.

****

کوڕ زیبی **دەبوستانە**، کچ شەمعی **شەبوستانە**

بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کوڕ

(هەمان: ١٦٤)

لەم دێڕەدا، دوو وشەی «دەبوستانە و شەبوستانە» بەپێی وشەدانی و بێژەی فارسی بە هەڵە نووسراون و دروست وایە بکرێنە: «دەبستان و شەبستان»، کە لە وشەدانی فارسیدا واتای «قوتابخانە و شوێنی حەسانەوە»یان هەیە.

****

هەم **گوڵبەنی** بێخاری، هەم مەزرەعی ئەزهاری

هەم مەخزەنی ئەسراری، ئیسباتی مەزایا کچ

(هەمان: ١٦٦)

لەم دێڕەدا، وشـەی «گوڵبەن» بە هەڵە نووسـراوە و بە خوێندنەوەی وشـەدانی فارسـی دەرکەوت ئەو وشـەیە «گوڵبونی» یە و لە وشـەدانی فارسـیدا واتای «پنجەگوڵ یان داری گوڵی سـووری» هەیە (معین، ١٣٨٨: مدخل «گلبن»). نالی ئەو غەزەڵەی لە سـەر دەرخسـتنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی نێوان کچ و کوڕ هۆنیوەتەوە. واتای دێڕەکە: کچ وەک چەپکەگوڵێکی بێدڕوویە و لەلایەکی تر، وەک زەوییەک وایە مرۆڤی تێدا شین دەبێت. خاوەنی تایبەتمەندییەکە ئەو نهێنی و ڕازەی ڕاگرتووە (کچێتییەکەی) و ئەو تایبەتمەندییانە بەڵگەی لە سەرتر بوونی کچە.

****

**گەر** ئەشرەف و مەحبووبە، یووسف کوڕی یەعقووبە

کچ بوو بە خڕیداری، یەعنی کە زولەیخا کچ

(هەمان: ١٦٦)

لەم دێڕەدا، لە سـەرەتای باڵی یەکەم وشـەی «گەر» هاتووە و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وشـەکانی دێڕەکە لە باری واتاییەوە نییە. بە خوێندنەوەی وشـەی سـەرەتای باڵی دووهەم و واتای سـەرەکیی شیعرەکە دەردەکەوێت ئەو وشەیە لە ڕاستیدا «کچ»ـە، چونکە نالی ئەو شیعرەی لە سەر وەسفی «کچ و کوڕ» هۆنیوەتەوە، کەوایە دەبێ ئەو وشەیە «کوڕ» بێت، نەک «گەر». بەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە دروست دەبێت و ڕازەی دژیەک و لایەنی جوانیناسی شیعرەکەش دەردەکەوێت.

****

چ شەو، چ ڕۆژ؟ وەها کورتی لەهو و لەعب و میزاح

کە هەردوو وەک **یەک چوون** بە نەغمەیی بەم و زیر

(هەمان، ٢١٥)

لەم دێڕەدا، دەستەوشەی «یەک چوون» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و بەهۆی بوونی شوبهاندنێک کە لە دێڕەکەدا هەیە، دەبێت ئەو وشـەیە «یەک ئەچوون» بێت و بەم شێوەیە وێنەی شیعری و لایەنی جوانیناسی شیعرەکە دەردەکەوێت.

****

ئەی دڵ! خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ

میراتی ئیعتیبـارە لـە **فورزەندی** فـەیلـەقووس

(هەمان، ٢٤٩)

لەم دێڕەدا، «فورزەندی» وشەیەکی فارسییە و هەڵە ڕێنووسی هەیە و دروست ئەوەیە بەپێی بێژەی فارسی بنووسرێتەوە و بکرێتە: «فەرزەندی».

****

وەرە قوربان! بە جان هەر دوو برا بین

کە تۆ بێ مادەر و من بێ **پودەر** مام

(هەمان، ٢٧٤)

لەم دێڕەدا، وشەی «پودەر» وشەیەکی فارسییە و بە هەڵە نووسراوە و دەبێ بەپێی بێژەی دروستی وشەکە بنووسرێتەوە و بکرێتە: «پدەر» کە لە زمانی فارسیدا واتای «باوک»ی هەیە.

****

دەستم مەخە **سەر، تا قەدەمم** سووتووە چاوم!

یاخۆ بە شیفا هاتووی؟ چەندێکە ئەناڵم

(هەمان: ٢٩٨)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم دانانی بۆر دوای وشەی «سەر» هۆی تێکدانی واتایی دێڕەکە و دەستەوشەی «سەرتاقەدەم» بووە. دەستەوشەی «سەرتاقەدەم» لێکدراوێکی ناسراوە لە شیعری کلاسیکدا و خوازەیە لە تەواوی لەش. لە نووسینەوەی ئەو دێڕەدا «بۆرەکە» دەبێت پێش «سەر» بەو جۆرە «دەستم مەخە، سەرتاقەدەمم» بنووسرێت. «دەستم مەخە» واتای: «فریوم مەدە»ی هەیە. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە واتای دێڕەکە بەو جۆرە نووسرایەوە: ئازیزەکەم! فریوم مەدە، باش دەزانی تەواوی لەشم لە دووری تۆ سووتاوە، ئەوە ماوەیەکە لە ژانی دووری و بێتۆییدا دەناڵێنم، نەکا بۆ شیفام هاتووی؟

****

کەوکەبەی تەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە

کە لە سەر موددەعی، سوڵتانی موبینە جەدەلم

(هەمان: ٢٩٩)

لە دیوانی نالیدا ئەو دێڕە بەو جۆرە لێکدراوەتەوە: بەڵگەی زاڵی من بە سەر قسەی ناحەزدا، ئەو شان و شکۆیەیە کە تۆ هەتە و لە نیسێی منی هومائاسا و وەک بازی سپییەوە، دەستگیرت بووە. لێکدانەوەی باڵی دووهەم هەڵەیە، چونکە لەم باڵەدا باسێک لە سەر بازی سپی و نیسێی هوما نییە. دوای تاوتوێی باڵی یەکەم و دووهەم، واتای دێرەکە بەو جۆرە نووسرایەوە: شان و شکۆ

و گەورەیی و جوانیی ڕوخساری تۆ بەڵگەی ئاشکرایە بۆ بەرپەرچدانەوە و زاڵبوون بەسەر ئەو ناحەزانەی بە درۆ خۆیان هەڵدەکێشن.

****

عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم سەر تا پا

کە نە ڕیش بەڵم و نە کۆسە و نە **کەل** و گۆج و شەلم

(هەمان: **٣٠٢**)

لەم دێڕەدا، لە لێکدانەوەی باڵی دووهەم وشەی «کەل» بە واتای «ددانکەوتوو» هاتووە کە بەپێی هاوڕێژەیی نێوان وشە سەرەکییەکانی دێڕەکە دەردەکەوێت، خواستنی وشەی «کەل» بەو واتایە، هەڵەیە. لە وشەدانی فارسیدا «کەل» واتای کەچەڵ و تاسی هەیە؛ کەوایە دەبێت لە لێکدانەوەی دێڕەکە بە واتای کەچەڵ شی‌کرێتەوە؛ بۆ نموونە، لە ئەدەبی فارسیدا لە بابەت «کەل» هاتووە: کل اگر طبیب بودی، سر خود دوا نمودی، واتە کەچەڵ گەر دوکتۆر بوایە، سەری خۆی دەرمان دەکرد و لە کەچەڵی ڕزگار دەبوو (معین، ١٣٨٨: مدخل «کل»).

****

دیدە نیگەهبانی یار، تیپی سوروشکم هەزار

ناڵەیی دڵ **نەی‌سەوار**، ئاهە عەڵەمداری من

(هەمان: **٣٤٤**)

لە دیوانی نالیدا لە لێکدانەوەی ئەو دێڕەدا نووسراوە واتای دەستەوشەی «نەی سوار»مان بۆ ڕاست نەکرایەوە. «نەی سوار» بە بنج وشەیەکی فارسییە و بە واتای منداڵێکە دار یان قامیش دەخاتە نێو لاقی و وابیر دەکاتەوە سواری ئەسب بووە، هاتووە. بەپێی شی‌کردنەوەی واتای ئەو دەستەوشەیە، واتای سەرەکیی دێڕەکە بەو جۆرە لێک‌درایەوە: چاوەکانم پاسەوانی دڵبەرە و بەردەوام لە ژێر چاوەدێری‌دایە، نەکا ئازارێکی پێ‌بگات، سوپای فرمێسکەکانیشم دێنەخوار و ناڵە و هاواری دڵیشم وەک منداڵێکە داری خستۆتە ناو لاقی و وابیر دەکاتەوە سوارە، بەڵام پیادەیە و لەبەر خۆشەویستم ڕمبازێن دەکات، ئاڵاهەڵگرەکەی ئەو سوپایەش ئاهە بەرزەکەمە.

****

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن

موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن

(هەمان: **٣٥١**)

لە دیوانی نالیدا لە لێکدانەوەی باڵی یەکەم، وشەی «ساق» بە واتای «بالآ» لێکدراوەتەوە کە خواستنی لەم دێڕەدا بەو واتایە هەڵەیە. «ساق» لە وشەدانی فارسیدا بە واتای «پووز»ی هاتووە و لەگەڵ ئاوەڵناوی «سەمەن» واتای پووزسپی هەیە. سەمەن جۆرێک گوڵە، ڕەنگی سپی دەنوێنێت.

****

ئەسپی نەفەست دێت و دەچێ، گەرمە عەنانی

ئەی مەســتی ڕیازەت **هەڵە**! هوشــیاری جڵەوبە

(هەمان: ٤٠٣)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەم وشەی «هەڵە» واتای دێڕەکەی ناڕێک کردووە و نادروستە. ئەو وشـەیە دەبێ «هەلە» بێت کە لە کاتی وشـیارکردنەوەدا بەکار دێت و واتای «ئەهای؛ بەتایبەت؛ کەوابوو»ی هەیە. دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە دەکرێت بەو جۆرە لێکدانەوەی واتایی دێڕەکە بکەین: نالی خیتاب بە نەفســی ســەرکێشــی دەڵێت: ئەهای نەفس! بۆ تا ئەو ڕادەیە خۆت لێ گۆڕاوە و لەخۆبایی بووی، کەمێک ئازار و ناخۆشــیت دیوە، وەدەزانی خودا ناســتری. کەوابوو ئاگات لە خۆت بێت و پاشـەڕۆژت، واتە ڕۆژی قیامەتیشـت لەبیر نەچێتەوە. نالی دەیهەوێت نەفســی خۆی بپارێزێت و نەهێڵێت سەربزێوی بکات.

****

کە دیتم **شــەکڵی** ســەد ڕەنگی،گوتم: بابایی عەییارە

کە بیستم لەفزی بێ‌دەنگی، گوتم: شەیپووری شاپوورە

(هەمان، ٤١٩)

لەم دێڕەدا، وشەی«شەکڵی» بە هەڵە نووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە: «شکڵی».

****

بە زاهیر گەر مەگەسدارە، بە باتین سەد چەمەنزارە

بە سوورەت یەک بە یەک خارە، بە مەعنا سەد **گولوستانە**

(هەمان: ٥٠٠)

لەم دێڕەدا، وشــەی «گولوســتانە» هەڵەی ڕێنووســی هەیە و لەگەڵ ســەروای شــیعرەکە خوێندنەوەی نییە و هۆی تێکدانی ســەروای گشــتی بووە، کەوایە دروســت وایە بۆ ڕێکبوونی سەروای گشتی ئەو وشەیە بکرێتە: «گولستانە» و بەو شێوەیە لەگەڵ سەروای سەرەکیی شیعرەکە گونجاوی دەبێت و کێشی شیعرەکە تێکناچێت. «گولستانە» بەپێی بێژەی دروستی خۆی کە وشەیەکی فارسییە، نووسراوەتەوە.

****

لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ

ناوی کە پڕ خەڵووزە بە **شەبنم** گەشایەوە

(هەمان، ٥٥٤)

لەم دێڕەدا، وشەی «شەبنم» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە: «شەبنەم».

****

بڕۆت تیغێکە **وسمەی** سەیقەل و مەسلوول و مووکارە

کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە

(هەمان: ٥٦٢)

لەم دێڕەدا، وشەی «وسمە» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دروستەکەی «وەسمە»یە. وەسمە: جۆرێک گیایە ویشکی دەکەن و دەیکوتن، لە کۆندا ئافرەتان بۆ ڕەشکردنی مووی سەر و پرچ سوودیان لێوەرگرتووە (انصافپور، ١٣٧٧: ١٢٥١).

****

فەرمووی بە مژەی مەستی، ئازانە و تەڕدەستی

سادەی لە دڵی سستی، تیرێ، بە تەمەننایە

(هەمان، ٥٦٦ )

لەم دێڕەدا، وشەی «مژەی» بۆ یەکدەست بوونی ڕێنووسی شیعرەکە بە ڕێنووسی کوردی نووسرایەوە: «موژەی».

****

من وەکوو ڕەعدم و تۆ وەک گوڵ و سەبزەی دیمەنی

من دەگرییەم و دەناڵێنم و تۆ پێدەکەنی

(هەمان: ٦٧٥)

لەم دێڕەدا، لە خوێندنەوەی باڵی یەکەم دەرکەوت وشەی «دیمەنی» کە واتای ڕوخساری هەیە، هەڵەیە و واتای سەرەکیی دێڕەکەش بەو جۆرە تێکدەدات. بەپێی لێکدانەوەی دێڕەکە دەرکەوت ئەو وشەیە «دەمەن» ـە و بەو جۆرە لەگەڵ وشەکانی «سەبزە و گوڵ» هاوڕێژەیی هەیە. وشەی «دەمەن» لە وشەدانی فارسیدا بە واتای دەشت و داوێنی کێو هاتووە (انصافپور، ١٣٧٧: ٤٤٨).

واتای دێڕەکە دوای ئەو ڕاستکردنەوەیە بەو جۆرە نووسرایەوە: من وەک هەور دەگرمێنم و تۆ وەک گوڵ و سەوزەی دەشت و داوێنی کێوی کە بە بارانی چاوەکانم دەبووژێیەوە و شین دەبیەوە. فرمێسکم بارانە و بەسەر تۆدا دەبارێت و لە ئەنجامدا تۆش کە وەک خونچەی نەکراوەی، دەکرێیەوە و کرانەوەت وەک پێکەنینە، ڕەنگە بە خەمناکی من پێبکەنی.

❊❊❊❊

«نالی!» زوبانەکەی تەڕ و پاراوی سەوسەنت

حەیرانی چاوی نێرگسە، وەك لاڵە، نادوێ

(هەمان: ٧٠٦ )

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشەی «سەوسەنت» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و لە وشەدانی فارسیدا ئەو وشەیە «سووسەن»ـە و دەبێ بەو جۆرە بنووسرێت: «سووسەنت». سووسەن جۆرێک گوڵە گەڵای باریک و درێژی هەیە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی جوان دەردەکات.

❊❊❊❊

لە زۆربەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بەهۆی ئەوەی لە کۆندا شێوازی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانی شاعیران بەو شێوازەی ئێستا نەبووە؛ ئاساییە شیعری شاعیرێک بە هەڵە لە دیوانی شاعیرێکی تردا تۆمار کرابێت. لێرەدا ئەرکی ساخکەرەوەیە بە وردبینی و بەپێی زانستی شێوازناسی، شیعری شاعیرانی کلاسیک لەم جۆرە هەڵانە بپارێزێت. دیوانی نالی لەم جۆرە هەڵانەش بێبەش نەبووە؛ بۆیە دوای خوێندنەوەی دیوانی نالی دەرکەوت دوو چوارینەی فارسی لە دیوانی نالیدا تۆمار کراوە کە هۆنراوەی نالی نین و بەپێی توێژینەوەیەکی کورت ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت. چوارینەکان بریتین لە:

یک نیم‌رخت: (أَلَستُ منکم بِبَعید)

وان نیم دیگر: (اِنَّ عَذابی لَشَدید)

بر گردِ رخت نوشته: (یُحیی وَ یُمیت)

(مَن ماتَ مِنَ العِشقِ، فَقَد ماتَ شَهید)

(هەمان: ٧٢٢ )

ئەو چوارینەیە شیعری «ابوسعید ابوالخیر» -سۆفیی ناسراوی ئەدەبی فارسی-یە و تا ئێستا بە هەڵە بە شیعری نالی ناسراوە و لە دیوانی نالیدا تۆمار کراوە.

❊❊❊❊

آن زلف مشـــکبـار بـدان روی چون نگـار
گر کوته اسـت، کوتهی از وی عجب مدار

شـــب در بهـار میـل کنـد ســوی کوتهی
آن زلف چون شـب آمد و آن روی چون بهار

(هەمان: ٢٢٩)

ئەو چوارینەیەش شیعری «امیر معزی» شاعیری ناسراوی ئەدەبی فارسییە کە لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە و بە هەڵە لە بەشی فارسی دیوانی نالیدا بە شیعری نالی ناسێندراوە.

**٤- ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین، هۆکاری سەرهەڵدان و بوونی بەشێک لە هەڵەی دیوانی نالی و شاعیرانی کلاسیک بەگشتی بریتین لە:

- بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی ناوەندەکانی چاپ لە کوردستان، لە سەرەتادا دیوانی شاعیرانی کلاسیک هەر بە شێوەی دەستنووس بڵاو دەبوونەوە و بەشێک لەم هەڵانە بۆ نووسیاری ئەو دیوانانە دەگەڕێتەوە. خراپ خوێندنەوەی ساخکەرەوانیش دەکرێت وەک هۆکارێکی دیکەی گۆڕانکاریی و بوونی هەڵەی شیعری لە دیوانی نالی ئاماژەی پێبکرێت.
- نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: ک،گ، و... هتد، لە شیعرەکاندا.
- هاوشێوەیی ئەو پیتانەی جیاوازیان تەنیا لە نوختە دایە وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ،ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا لە شیعرەکاندا.
- زۆربەی نوسخەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەخەتی کۆنی کوردی نووسراون، کەوایە ئەو بابەتەش ڕەنگە هۆی سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی شیعری شاعیرانی کلاسیک و بەتایبەت دیوانی نالی بووبێت.
- پاکبوونەوەی وشە و پیتەکان لە نوسخەکاندا.
- نوسخە کۆنەکان، بە خەتتی نەستەعلیق نووسراون و ڕەنگە هەڵەی خوێندنەوەیی، بەتایبەت لەبەشی لێکدراوەکانی خەتتی نەستەعلیق، *هۆی سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەی دیوانەکان بێت.*

لە پرۆسەی ساخکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیی ناوەندیدا، گرینگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لە سەرتر بوونی وشە یان دەستەوشەیەک بەسەر وشە یان دەستەوشەیەکی دیکە،

پێوەری ڕەوانبێژی و پێوەری زمانییە. ساخکردنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیک، بەتایبەت لەم دێڕانەی چەند وشەیەکی پاک بوونەتەوە، ساخکردنەوە بەپێی ئەو پێوەرانە شێوازێکی زانستی و پەسەند کراوە.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی


حەداد، عەبدوڵڵا (۲۰۰۰). *نالی لە دەرەوەی کوردستاندا*. چاپی یەکەم، هەولێر: ئاراس.

خەزنەدار، مارف (۱۹۷۷). *فەرهەنگی نالی*، بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

سەججادی، عەلائەدین (۱۹۷۳). *دوو چامەکەی نالی و سالم*، بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد.

عومەر خۆشناو، هێمن (۲۰۱۷) *نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا*، چاپی یەکەم، زانکۆی سۆران.

فەرەج، ئیسماعیل (۲۰۱۵). *مشتێک لە خەرمانی بیری نالی*، چاپی یەکەم، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ.

قارەمانی، جەعفەر و محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد (۱٤۰۰). *دیوانی حەریق ساخکردنەوە و پێداچوونەوەی نوێ*، چاپی یەکەم، سنە: زانکۆی کوردستان.

ــــــــــــ (۱۳۹۸). «لێکدانەوەی ئاستی زمانیی شیعری وەفایی»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*،س ٥، ژ. ۸، لل. ۲۳۳-۲٥۹.

ــــــــ ــــــــ (۱٤۰۰). «خوێندنەوەیەکی نوێی دیوانی حەریق»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، س ۷، ژ. ۲، پیاپی ۱۲، لل. ۲۳۲-۲٥۱.

محەممەد، مەسعوود (۱۹۷۷). *دەستەو دامانی نالی*، چاپی ستۆکهۆڵم.

مەلاکەریم، محەممەد (۱٤۰۰) *نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە*، چاپی یەکەم، سنە: کوردستان.

ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو (۱۳۸۳). *دیوانی ناری*، کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوە: کاکەی فەلاح، چاپی یەکەم، سنە: کوردستان.

نالی، ئەحمەد شاوەیسی میکایلی، مەلاخدر ( ۱۳۷۸). *دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی پێنجەم، سنە: کوردستان.

ــــــــــ (۱۳٦٤). *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی دووهەم، ورمێ: سەلاحەددین ئەییوبی.

**ب. فارسی**

انصاف‌پور، غلامرضا (۱۳۷۷). *فرهنگ فارسی*، چاپ سوم، تهران: زوار.

جهان‌بخش، جویا (۱۳۷۸). *راهنمای تصحیح متون*، چاپ اول، تهران: میراث مکتوب.

———— (۱۳۸۱). «تصحیح متون کهن: مفهوم، عناصر، روش‌ها»، *پژوهش و حوزه*، ش. ۱۱، صص. ۱۱۶ – ۱۲۶.

خاقانی شروانی، افضل‌الدین بدیل (۱۳۷۴). *دیوان خاقانی*، تصحیح ضیاءالدین سجادی، تهران.

عمادی حائری، محمد (۱۳۸۷). «تصحیح متون با تاکید بر تصحیح متون فارسی»، *گزارش میراث*، دوره‌ی دوم، سال ۳، ش. ۲۵ و ۲۶، صص. ۴- ۱۲.

منجد، صلاح‌الدین (۱۳۷۸)، «روش تصحیح نسخه‌های خطی»، ترجمهٔ حسین خدیوجم، *آینه‌ی میراث*، زمستان و بهار، ص ۱، ش. ۳ و ۴، صص. ۱۰۳-۱۱۱.

معین، محمد (۱۳۸۸). *فرهنگ فارسی ج سوم*، چاپ ۲۶، تهران: امیرکبیر.

هروی، نجیب مایل (۱۳۸۰). *تاریخ نسخه‌برداری و تصحیح انتقادی نسخه‌های خطی*، تهران: کتابخانه مجلس.